حوسییەکان لە یەمەن دوو موشەکی دژە کەشتیی بەرەو دەریای سوور هاوێژران

فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە حوسییەکان لە یەمەن ڕۆژی سێشەممە دوو موشەکی دژە کەشتییان بەرەو دەریای سوور هاوێژران.

حوسییەکان لە 2ـی کانوونی دووەم دوو موشەکی باڵیستیکی دژە کەشتییان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان لە یەمەن بەرەو باشووری دەریای سوور هاوێژران.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە، " ژمارەیەک کەشتی بازرگانی لە ناوچەکە ڕاپۆرتیان لەسەر کاریگەری هێرشەکە لە ئاوەکانی دەوروبەری دەریای سوور داوە، بەڵام هیچ زیانێکیان تۆمار نەکردووە"، هەروەها هەشداری درا کە "کردەوە ناياساییەکانی حوسییەکان ژیانی دەیان دەریاوانی بەتاوان دەخەنە مەترسییەوە و بەردەوامن لە تێکدانی ئازادی کاری بازرگانی نێودەوڵەتی".

ئەمەش 24هەمین هێرشە بە سەر کەشتییە بازرگانییەکان لە باشووری دەریای سوور لە سەرەتای 19ـی تشرینی دووەمی 2023.